# یاریکانی تۆپی پێی جیهانی، ناسیونالیزم و بزنس!

خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk



ئەمرۆ یارییەکانی تۆپی پێی جیهانی پێ دەنێتە هەفتەی سێهەمی خۆیەوە وتادیت حەماسەو شەوق وزەوقی تەماشاچیان بۆبینینی جەولەیەکیتری یاریەکان، روولەسەر مل دەنێ، هاوکات دەزگاکانی راگەیاندن وکەناله تەلەفزیۆنی‌یەکان تادیت تەبلیغات وهەوالەکانی ئەم یاریانەیان بەرەو لوتکەدەبەن. بەلام ئەمە تەنها وەرزش ویاری‌یەکی رووت نی‌یە، کەیاریزانان و بینەران ودۆستانی وەرزشی لەدەوری ساحەو تۆپ کۆکردبیتەوە، بەلکو چالاکبوونەوەی بزنس و ناسیونالیزم دوو دەرکەوتەی ئەم یاریانەن کەتۆرەکانی خۆی هاویشتۆتە هەموو مال وکوچەو شاشەی تەلەفزیۆن و لاپەرەیەکی رۆژنامەکانەوە. کەوایە وەرن باپیکەوە سەرنجیکی خیرا بدەین:
بەپیچەوانەی یاری‌یە فەردی‌یەکانی وەك "گۆلف" وتێنسی سەر زەوی کەزۆرتر چینە داراکان لەولاتانی رۆژئاوا ئشتیاقیان بۆی هەیە، تۆپی پێ یەکیك لەهەرە یاری‌یە جەماوەری‌یەکانی ئەم سەردەمەیە کەچ لەرۆژ هەلات و چ لەرۆژئاوا، خەلکی کریکارو زەحمەتکیش سەرمەستن پی‌ی. بەلام یاری تۆپی پێ وەك خوی لەهەموو یاری‌یەکانیتر یاریەکی جەماعی‌یە، بەبی ئەوەی داهینان و رۆلی تاك تیدا لەنیوبچی. جۆلەی بەردەوام و کاردانەوەی لەپر، پلان و نەخشە ریزی بەکۆمەل وداهیانانی فەردی، تاتاکتیکەکانی هیرشبردن وبەرگری کردن..هەموئەمانە بینەر تاکۆتایی لەنیو هەستیکی هەلچوون وداچونی بەردەوام وسات لەدوای ساتدا رادەگری. تەنانەت یاری تۆپی پێ بەوهۆیەوە کەجوانی جولەو هیزی لەش بەوپەری خۆی دەگەیەنی، زۆرتر دەبیتە جیگای سەرنجی لاوان وئیعجابی ئەوان بەلای خۆیدا رادەکیشی. ئەوەی کە زیاتر لەدوو ملیار بینەر لەسەراسەری دنیادا، ئەم رۆژانە بەدیار یاری‌یەکانی جامی جیهانی تۆپی پی‌وە دادەنیشن تابزانن رووداوەکان بەکوی دەگەن، تەنانەت ئەوەی کە 213 دەولەت زیاتر لەدەولەتانی ئەندام لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆیان بەئەندامی فیدراسیۆنی تۆپی پی‌ی جیهانی ناونوسکردووە، نیشانەی کۆمەلایەتی وبگرە جیهانی بوونی ئەم یاری‌یەیە. ئەم یاری‌یە ئەگەر سەرچاوەی شەپۆلیك لە ئیحساساتی ناکۆك بەیەك وپرتەوزم بیت، ئەوا بەلگەی وەزعیەتەکانی دنیا وئینسانی سەردەم کۆمەلگا دەخاتە پیشچاو. وەزعیەتیك کەتاك وکۆمەلگا لەیەك نمایشی ریکەوت وچارەنوس سازدا بەرو هەردوولای هەلچوون و داشکانەوە دەباو قولبوونەوەی فەرد وحەماقەت لەدنیای چینایەتی وبیعەدالەتی‌دا ئاراستەی هەمووان دەکا. بەواتایەکیتر یاری تۆپی پێ وەك ژیانیك کەبەدیار یانسیبەوە راوەستاوە، خۆشبەختی براوە لەسەر بناغەی بەشکست کیشانی زۆرینە دەتوانی مانای ببیت. هەربۆیە خۆشەویستی بۆ تۆپ وباریگا ناتوانی بەدەر بیت لە زەحمەت وبیبەشی‌یەك کەیەخە بەبەشداران دەگرێ.

بەلام تۆپی پێ تەنها وەرزش نی‌یە، لەدنیای بازار وسەرمایەداری ئەمرۆدا هەموو شتیك لەدەرەوەی قازانج و دەرکیشانی پارەی زیاتر ناتوانی بوونی ببیت. بەتایبەتی بۆ یاری‌یەکی وەك تۆپی پێ کەزۆرترین لایەنگری هەیە. هەربۆیە لەگەل یاری‌یەکانی تۆپی پێی جیهانیشدا بازارو بزنس ودەرکیشانی قازانجی سەرمایەو کۆمپانیاکان دەگاتە ئەوپەری خۆی. لەمبارەوە بالەوە بگەریێن کە نرخی بلیت و خۆراك فرۆشی وپیداویستی‌یەکانی مانەوەی بینەران لە نیو یاریگاکاندا دەگاتەچەند، تەنانەت بالەچوونەسەری نرخی هاتووچۆ و ئوتیل وسەفەری بیننەران بۆ ولاتی ئەلمانیا بگەریین (بۆنمونە بەپی‌ی راگەیاندنەکانی بریتانیا 100هەزار کەس تەنها لەم ولاتەوە سەفەری شارەکانی ئەلمانیایان کردووە)، تەنها ئەوە بەسە کەدەرامەتی فیدراسیۆنی تۆپی پێی جیهانی لەیاری‌یەکانی ئەمسالدا بە172 ملیارد دۆلار گەیشتووە، ئەمە تەنها لەنرخی ریگەدان بەبلاوکردنەوەی یاری‌یەکان لەکەناله تەلەفزیۆنی‌یەکانەوە بەدەست هاتووە، لەوەش زیاتر ئەوانەی کە بازرایان گەرمە کۆمپانیاکانی مەشوربات و خوراك فرۆشی، لەوانەش کۆمپانیای کۆللا و بیرەی ئەلمانی وهەمبەرگر زۆرترین قازانج و دەرامەتیان بردووە. تۆرەکانی راگەیاندنیش قازانجی خەیالی ئەژمیرن، بۆنمونە نرخی دەرهینان وبلاوکردنەوەی 30 چرکەی ناساندنی هەر یاریزانیکی تیمەکان بەبری 250 هەزار یۆرۆ لەئەلمانیا گەیشتووە وبەمجۆرەش لەکۆی تۆرەکانی راگەیاندن و مونافەسەی تیمەکاندا بری 3 ملیارد دۆلار قازانج بەرهەمهاتووە.. بەلام کاری بزنس ویاری تۆپی پی هەربەوەندە تەواو نابی، لایەنیکی تری ئەم بازارو بزنسە، بزنسیکی شاراوەیە کە لەلایەن دەولەتان و تۆرەکانی قاچاغچیتی بۆ گویزانەوەی مەوادی سرکەرو کریکارانی هەرزان بۆ وولاتی ئەلمانیا پەرەی سەندووە، لەمبارەوە هەوالەکان گویزانەوەی نزیکەی 100هەزار کورو کچی لاو کەزۆرترینیان لە ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلات و فلیپین و چینەوە بۆ ئەلمانیایان ئاشکرا کردووە، تالەبازاری یاری‌یەکانی تۆپی پیدا هەم بۆکاری هەرزان و هەم بۆلەشفرۆشی وبازاری سیکس بەکار ببرین. هەموو ئەمانە نیشان ئەدەن کەلەسەردەمی جیهانی بوونەوەی سەرمایەو بازاردا تۆپی پێ لە وەرزشیکەوە دەبیتە بەشیك لە پیکهاتەکانی بزنس و بازار وتیدا سەرمایەداران و کۆمپانیاکانی کرین و فرۆشتن چالاکدەبنەوە ودەیکەنە سەرچاوەیەکی گەورەی کەلەکەی سەرمایەو سودپەرستی.

بەلام یارییەکانی تۆپی پێی بەم بۆعدە جیهانییەیەوە، تەنها وەرزش وبزنسیکی گەورە نییە، بەلکو جەماوەری بوونی ئەم یارییە و جەزابییەتیك کەهەیەتی بەپیویست دەبیتە ئاکسیۆنیکی سیاسی ومەیدانیك بۆ چالاکبوونەوەی ناسیونالیزم و ئایدۆلۆژیای ناسیونالیستی.

تۆپی پێ ویارییەکانی جامی جیهانی لەنیو کیبەرکی و هاوکیشەی "دۆراو وبراوە"دا بەکردەوە وەرزشیکی سیاسییە ولیرەوەش مونافەسەی قەومی و ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیزم و راسیزم سەردەردینی. بەتایبەتی کە ئەم وەرزشە لەدنیای ئەمرۆدا ناتوانی بەهایەکی بیگەرد وبەدور لەمەسەلەکانی ناسنامەو تەعەلوقی نەژادی وئاینی، خاك ونیشتمان وپیرۆزی خۆی راگری، بەتایبەتی کەئەوکاتانەی یاریگا دەبیتە مەیدانیکی گونجا و بۆ ئاکسیۆنی ناسیونالیستی وراسیزم، بەپیویست ئەم وەرزش بەزمانی عارفانەی قەومی وسۆزی لەبیرکراوی نیشتمانەوە دەدوی و دەبیتە ئامرازیك بۆ هاندانی کردەوەی توندو تیژی ئینسانەکان لەدژی یەکتر. لایەکیتری ئەم مەسلەیەش ئەوەیە کەیاری تۆپی پی وەرزشیکی خەلکییە وخەلکیش هەمیشە لەژیر کاریگەری روئیاو تەبلیغاتی دەزگاکانی راگەیانندان کەبەدەست دەولەتان و بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکانەوە ئاراستە دەکرین. ئاخر بیهۆ نییە کە رۆژانی یارییەکانی تۆپی پێی جیهانی زۆرترین کریار بۆ ئالای نەتەوەکان و ولاتەکان پەیدا دەبی، بیهۆنییە کەمنالان و هوهاکیشانی لاوانی سەرریگا ورەنگکردنی دەموچاو و جل وبەرگیان بەسومبۆلی نەتەوە نیشتمانەوە مشتەکانیان بۆبردنەوە لە نەتەوە نیشتمانەکانی تر خۆبەخۆ هاندەداو دەیهینتە نیو ئاکسیۆنیکی ناسیونالیستییانەوە. لەمانەش زیاتر راسیستەکانی ئەلمانیاو نەمسا بۆپیشوازی لەئەحمەدی نەژاد وتیپی تۆپی پێی ئیرانی تەنها بەوهۆیەوەیە کە ئەحمەدی نەژاد رای گەیاندووە ئیسرائیل لەسەر سەوزی بسریتەوە. عەرەبستانی سعودیش نەك هەر ریگەی نەداوە یاریزانانی ولاتەکەی خۆیان روتبکەنەوە لەکاتی گولکردنیاندا، بەلکو داوای کردووە کەیاسایەك بۆ یاری زانانی جیهان دابنری کە ریگایان نەدەن لەکاتی یارییەکاندا فالینەی بەریان دابکەنن، چونکە روتبوونەوە ونیشاندانی لەشی پیاونیش پیچەوانەی سوونەتەکانی شەریعەتی ئیسلامە!

لەبەریتانیاش کەمەلبەندی کۆنی یاری تۆپی پێیەو لەبنەرەتەوە لەلایەن کریکارنی ئەم ولاتەوە داهینراوە و وەرزشیك بووە بۆ برایەتی وپیکیهنانی هاوپشتی وهاوزیندەگی ئەوئینسانانەی کە دوای 12 سەعات کارکردن لەکۆلانەکانی گەرەکدا کاتی فەراغیان پیکەوە تیپەراندووە. لەسەردەمی خۆیدا گوارانی "تۆئیتر هەرگیز لەتەنیایدا پیاسەناکەیت" – You will never walk alone – کەلەلایەن هاندەرانی تیپی "لیڤەرپول ئیف سی"ەوە داهینراوە، بۆتە گۆرانی سەرزمانی هەمووان، بەلام ئیستا ئەم وەرزشە نەك هەر بۆتە مەیدانی توند وتیژی راسیستی و مەزن خوازی ئینگلیزی لەبەرامبەر ئەوانی تردا، بەلکو ئاوازی _ Come on white man.. Aggressive! _ "پیاوانی سپی چالاك" کردۆتە دەنگیك کە بەلیشاو لەزمانی هاندەرانەوە تادەگات بەدەزگاکانی راگەیاندن و بلاوکراوەکان، پەخش دەبنەوە. تالەسبەینێی بردنەوەی تیمی بەریتانیادا، راسیزم بەهیزترەوە لەبەرامبەر خەلکی پەنابەر و کۆچکردواندا رابگری..

ئەمەنا هەموویان نیشان ئەدەن کەوەرزش و یاری تۆپی پێ لەدنیای ئەمرۆدا بەبی بزنس و ناسیونالیزم بوونی نییە. گیرانەوەی وەرزش بۆ حەقیقەتە ئینسانییەکانی خۆی تەنها بەدەرکیشانی بازنەی بازار و سەرمایەو سود پەرستی مەیسەر دەبی.

2006/6/29